ئەوەی خواردنێک بخوات، پاشان بڵێت: (الحمدُ للهِ الذي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقْنِيهِ مِنْ غَيرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلَا قُوَّةٍ)^؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت

سەهلی کوڕی موعازی کوڕی ئەنەس لە باوکیەوە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی خواردنێک بخوات، پاشان بڵێت: (الحمدُ للهِ الذي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقْنِيهِ مِنْ غَيرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلَا قُوَّةٍ)^؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت». ^(واتە: حەمد وسوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئەم خواردن ورزقەی پێبەخشیم بە بێ هیچ هێز وتوانایەک لە منەوە).

[حەسەن - باش)] [(أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی مرۆڤ دەکات ئەگەر خواردنی خوارد ؛ سوپاسی وحەمدی الله بکات، چونکە مرۆڤ توانای پەیدا کردنی خۆراك وخواردنی نییە مەگەر بە یارمەتی الله نەبێت -سبحانه وتعالى-، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- موژدەی دا بە ئەو کەسەی کە حەمد وستایشی خودا دەکات بەوەی شایستەیە خوای گەورە لە گوناهە بچووکەکانی پێشووی خۆش بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5431